# سەرۆك و سەرەك لە ئەدەبیاتی پارتی دا

دڵزار حەسەن

نازانم ئەو عوقدەیە چییە پارتی هەیەتی، عوقدەی سیاسی، عوقدەی فیکری، عوقدەی دەسەلات، عوقدەی فەخامەت و کاریزمایی، دەتوانم بڵێم کرۆکی ئەو عوقدانە لەناو پارتی دا کۆبۆتەوە..

نازانم پارتی بۆ بەبێ دڵەڕاوکێ ناژیت و بەبەردەوامی بە عوقدەوە مامەڵە لەگەڵ دەورووبەری دەکات، رەنگە پارتی خۆی زەمینە بۆ ئەوکەش و هەوایە برەخسێنێت، یان هێندە بێ ئیرادەو بێ توانایە بۆیە لەبەرامبەر هەموو هێزێك و رووداوێك ئیدی بەچاوی گومانەوە و بەکۆمەڵێك عوقدەوە رووبەڕووی دەبێتەوە. پارتی لە 61یەکەوە تا ئێستاکەشی لەگەڵدابێت عوقدە لەناو هەناوی خۆیدا دەچێنێت.

عوقدەی لەبەرامبەر هێزە نەتەوەییەکان هەیەو پێ ی وایە خۆی تاکە شاسواری مەیدانی کوردایەتییە. عوقدەی لەگەڵ عەلمانی و دیموکراسیەکان هەیەو وانیشاندات ئەو داهێنەری دیموکراسیەت و عەلمانیەتە لەکوردستان.

عوقدەی لەگەڵ لایەنە ئیسلامی و مەزهەبی و دینیەکان هەیەو بۆیە قبوڵ ناکات کەس لەوان ئایندار تربێت و کەسیش لەوان مەزهەبی تربێت.

نازانم پارتی بەوهەموو عوقدەیەوە چۆن دەژیت رەنگە ئەوە بەرنامەبێت و بە مەبەستەوە وابکات، یان بەپێچەوانەوە رەنگە ئەمە دیوی دووەمی پارتی بێت و بەئەنقەست وادەری بخات کەپارتی ئەوهایەو پارتی ئەوهادەژیت.

بەهەر حاڵ هەرچۆنێك بێت ئەوە گومانی خەڵکی و خۆیانە لەسەر پارتی.

لێرەدا دەشێ پارتی و بەشی یەکەمی ناو پارتی لەیەك جیا بکەینەوە و بڵێین بەشی یەکەمی پارتی بەردەوام بەپیرۆز و سەنگی مەحەکی هەموو شتێك سەیر دەکرێت، بەشی دووەمەکەشی هیلاك و ماندووە بۆ دڵڕاگرتن و بەرز راگرتنی موقەدەسەتی بەشی یەکەمی پارتی.

لێرە بۆمان دەردەکەوێت پارتی بەهەموو بەشەکەیەوە لەنێو عوقدەیەکی سەیر دەژیت، تەنانەت عوقدەی پارتی لەدوا ئاکاریدا گەیشتۆتە ناو وشەی کوردی و گەمەکردن بە زاراوەکانەوە بۆ نمونە زاراوەی سەرۆك بەدرێژایی ئەدەبیاتی پارتی و بەتایبەتی رۆژنامەی برایەتی دوێنێ و خەباتی ئەمرۆکەیاندا ئەو وشەیە بەکار هاتووە و لەنێو هەموو سەرۆکەکانی دونیاشدا هەردوو سەرۆکەکەی پارتی و حکومەتیش پێیاندەوترا سەرۆك.

بەڵام ئێستا ئەدەبیاتی پارتی گۆڕاوەو رۆژنامەی خەباتیش داهێنانێکی نوێ ی داهێناوە بۆ جیاوازکردنەوەی سەرۆکەکەی پارتی و حکومەت لە سەرۆکەکانی دیکەی دونیا، رۆژنامەی خەبات ماوەیەکە خەریکە مومارەسەی عوقدەیەکی دیکەی سیاسی بکات وەك نەیار لەبەرامبەر کەسانی ترەوە. خەبات دەیەوێت زاراوەی سەرۆك جیا بکاتەوەو تەنهاو تەنها بەباڵای سەرۆکی پارتی و حکومەت دایتاشێ و ئەدەبیاتێکی نوێی پاوانکراودروست بکات بۆ سەرۆکەکانی خۆی.

رۆژنامەی خەبات لەئەدەبیاتە نوێیەکەیدا تایبەت بەجیاوازکردنەوەی سەرۆکەکانی خۆیان لەسەرۆکەکانی دونیا، دێت زاراوەی سەرەك لەجێگای سەرۆك بەکار دەهێنێت بۆ سەرۆکەکانی دیکەی دونیا، دەنوسێت ..

سەرەك وەزیرانیعێراق، سەرەك ئەرکانی سوپای ئێران، سەرەکی یانەی وەرزشی هەولێر، لەسەردانێکدا سەرەکی سوودان ، لەدانیشتنێکدا سەرەکی ژووری بازرگانانیعێراق، دوێنێ سەرەکی عێراق سەردانی، سەرەکی ئەمریکا ئاماژەی.

ئەو زاراوەیە وەك بەشێك لەئەدەبیاتە تازەکەی رۆژنامەی خەبات لەبەرامبەر زاراوەی سەرۆك بەکار دەهێندرێت بۆ تەواوی سەرۆکەکانی دونیا.

بێگومان ئەو جیاواز کردنەوەیە خۆی لەخۆیدا بەموقەدەسکردنی وشەیەو لەدوجاریشدا تۆخکردنەوەی موقەدەساتی سەرۆکەکەی خۆشیانە، ئەو موقەدەسکردنەوەیەش بۆ ئەوەیە هەردوو سەرۆکەکەی خۆیان جیابکەنەوە لەخەڵکی دیکە.

هەڵبەتە خوێنەر دەتوانێت بەژمارەکانی رابردووی رۆژنامەی خەبات دابچێتەوە کەماوەیەکە ئەو ئەدەبیاتە نوێیە بەشێوەیەکی بەربلاو و ئاشکرا دەردەکەوێت لە نێو رۆژنامەی خەباتدا. بەئاشکراش لای خوێنەر هەست بەوە دەکرێت کەسەرۆك و سەرەك بەجیاواز کردنەوەی هەردوو سەرۆکەکەی پارتی و سەرۆکەکانی دیکەی دونیا لەبەکارهێنانی وشەکان بەجیاوازی کەرۆژنامە دەیەوێت بەخوێنەر بڵێت سەرۆکەکەی ئێمە جیاواز ترە لە سەرۆکەکانی دیکە، بۆیە دێت سەرۆك بەکار دەهێنێت بۆ خۆیان و سەرکێش بۆ دەرەوەی خۆی بەکار دەهێنێت . هەرچەندە نازانم ئەو دوو زاراوەیە لەروویماناو رستەکاندا ئایا بەیەك مانا دێت یان نا، دیارە ئەوەکاری زمانناسەکانە بۆئەوەی ئیشی لەسەر بکەن. بەڵام بۆئێمە ئەوەگرنگە کەئەو دوو وشەیە بەجیاوازی بەکار دەهێندرێت کەئەوەش مانایە بۆیە موقەدەسکردنی کەسانێك بەسەر کەسانێکی دیکەدا.